# ئایا دوا دیمەنی هەژموونی ئەمریکا لە خۆرهەڵاتی ناڤیندا دەبینین؟

ن: جۆناتان مارکۆس
و:محەمەدی مشیر

لە نێو ئاپۆڕەی ئەو هەواڵە نیگەران کارانەی لە عێراقەوە دێن، هاوکات لەگەڵ ئەو ئاژاوەیەی باڵی بەسەر (غەزەو لوبنان)دا کێشاوەو لە پاڵ ئەو دڵەڕاوکێیەی ئیسرائیلی گرتۆتەوە، ڕاستییەك بە ڕوونی بەدیار دەکەوێت کە بریتییە لە: سەرهەڵدانی ئێران وەك یاریزانێکی سەرەکیو بەهێز لە ناوچەکەدا.

داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاو هەوڵەکانی واشنتۆن بۆ بڵاوکردنەوەی دیموکراسی لەناوچەکەدا کۆمەڵێك بەرەنجامی نەخوازراوو کاریگەریان هێنایە ئاراوە، گرنگترینی ئەو بەرەنجامانە پتربوونی قەڵەمڕۆی ئێرانە، چونکە لادانی سەدام حوسێن لە عێراقو بزووتنەوەی تاڵیبان لە ئەفغانستاندا دوو دوژمنی ستراتیژیو سەرەکی ئێرانی نەهێشت، بەڵام دوای ئەمە تاماوەیەك ئێران ترسی ئەوەی هەبوو ئەمریکا هێرش بکاتە سەر خاکەکەیو، ئەمەش ئەو ماوەیە بوو کە ئێران تێیدا مەیلی وتوێژی هەبوو لەگەڵ ئەمریکادا، بەڵام زۆری ئەو کێشانەی بەرەو ڕووی ئەمریکا دەهاتنەوە لە عێراقدابە ئێرانیان نیشاندا کە هەژموونی ئەمریکا ڕەنگە سوودی بۆ تاران هەبێ.

**بەرەیەکی سوننی:**

داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئەمریکاوە کۆمەڵێك کێشەی وروژاند کە ڕێخۆشکەربوون تا ئێران بەسەربەستی دەسەڵاتی خۆی لە ناوچەکەدا بسەپێنێ، هەر لە عێراقەوە بگرە تا لوبنانو دواتریش فەڵەستین.

کەچی حکومەتە سوننیەکانی عەرەب (وەکو میسرو عەرەبستانی سعودیاو ئوردن) کەوتنە پەلەقاژەو بە چاوی خۆیان بینیان وا خەریکە باڵادەستی شیعەکان دێتەدی.

دینیس ڕۆس، نێردراوی ئەمریکا بۆ خۆرهەڵاتی ناڤین لە سەردەمی (بیل کلینتۆن)دا، دەڵێ: (ئەوەی ڕوویداوەو ئەمڕۆکە دەیبینین گرنگییەکی ستراتیژی مەزنی هەیە) ڕۆس لەو باوەڕەدایە کە ئەو پەلە قاژەیە ئەوکاتە سەریهەڵدا کە سعودییەکان ڕەخنەیان لە حزبوڵڵای لوبنان گرت لەو کاتەیدا کە ئیسرائیل دوایین هێرشەکانی خۆی لە هاوینی ڕابردوودا بۆ سەر لوبنان بە ئەنجام دەگەیاند، لەمبارەیەشەوە دەڵێ: "گەلێ لە وڵاتانی عەرەب بەوچاوە سەیری ئێرانیان دەکرد کە خەریکە هەژموونی خۆی بەسەر کێشەی فەڵەستیندا بسەپێنێ لە ڕێگای بەکارهێنانی حزبوڵڵاو بزووتنەوەی حەماس وەکو دارەدەست، ئەمەش وای لە سعودیاو وڵاتانی دیکەی سوننە عەرەبەکان کرد کە ئەم کارە بە هەڕەشە لەسەر خۆیان لە قەڵەم بدەن" ئیدی ئەگەر ئێرانییەکان بتوانن کۆنترۆڵی ئەو سومبولانە بکەن کە کاریگەرییان زیاترە لە ناوچەکەدا، ئەوا لە توانایاندا دەبێت لە دژی هەمان ئەو ڕژێمانە بەکاریان بهێننەوە" لە پاڵ ئەوەشدا ئەگەر ئەو دڵەڕاوکێیە فراوانە ڕەچاو بکرێت سەبارەت بە دۆسیێی ئەتۆمی ئێران. ئەوا ڕوونتر دەبێتەوە کە چۆن وڵاتە سوننەکانی عەرەب بەرژەوەندییان لەگەڵ ئیسرائیلدا یەکدەگرێتەوە.

سعودییەکان ناچارکران دەستپێشکەرییە ئاشتیخوازەکەیان بژێننەوە (کە یەکەمین جار لە لوتکەی بیروت لەساڵی ٢٠٠٢دا دەمامکیان لە ڕوو لادا).. هەروەها هاوکات لەگەڵ میسرو ئوردن داوایان کرد کە ئەمریکا ڕۆڵێکی فراوانتر ببینێ لە زیندووکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، بۆ ئەم مەبەستەش ئەمریکییەکان هیچ لارییەکیان نییە لە هەوڵێکی ئاوادا ئەگەر ئەمە بەهای دامەزراندنی هاوپەیمانیەتیەکی نوێ بێت دژ بە تاران، بەڵام ئەگەر ململانێی خوێناوی نێوان پەلەکانی فەڵەستینی ڕەچاو بگرین، وێڕای ئەو سەختیە سیاسیانەی بەرەو ڕووی (ئیهۆد ئۆلمەرت)ی سەرۆکی ئیسرائیل دەبنەوە، ئایا کە هیچ ئومێدێك لە ئارادا دەمێنێت کە پێشڤەچوونێك بێتەدی لە ڕێڕەوی ئاشتی نێوان فەڵەستینو ئیسرائیلدا؟

دینیس ڕۆس سەبارەت بەمە دەڵێت: (گەلێ ئاستەمە پێشڤەچوونێکی ستراتیژی لەم بارودۆخەی ئێستادا بێتەدیو دەپرسێ: ئایا سەرکردەی لاواز دەتوانن کێشەی چارەنووساز چارەسەر بکەن؟ پێدەچێ ئەمریکییەکان پێویستیان بە هەوڵو کۆششی مەزن بێت لەم بوارەوە ئەگەر بیانەوێ بەرەنجامی بەردەست بهێننەدی"..

**گۆڕان:**

ڕیتشارد هاس، سەرۆکی ئەنجومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە واشنتۆنو بەڕێوەبەری کۆمەڵێك پایەی بەرز لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکادا، لەو باوەڕەدایە کە ئەمریکییەکان بەرەو ڕووی کێشەیەکی لەمە قووڵتر دەبنەوە، چونکە داگیرکردنی عێراق بووە هۆی کۆتایی هێنان بە سەردەمی هەژموونی دیپلۆماتیانەی ئەمریکا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا. هاس لەمبارەیەوە دەڵێ: (ئەمریکا، بە درێژایی دوو دەیەی ڕابردوو، بایەخێکی مێژوویی هەبووە لە ناوچەکەدا، بەتایبەتیش لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی ساردو ئەو هەژموونەی لەدوای ڕزگارکردنی (کوێت)دا بە دەستی هێنا" بەڵام "هاس" لەو باوەڕەدایە کە ئەو سەردەمە بەسەرچوو، بۆیە دەڵێ: "ئێمە ئێستا دۆخێکی سەراپا جیاواز دەبینین، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە هەژموونی ئەمریکا کۆتایی هاتووە، چونکە تا ئێستا هیچ هێزێکی دیکە نەهاتۆتە ئارا جێگەی هەژموونی لەناوچووی ئەمریکا بگرێتەوەو، ئێمە تەماشای خۆرهەڵاتی ناڤینێکی ئاڵۆزتر دەکەین کە بە ئاژاوەو نائارامی دەناسرێتەوە، خۆرهەڵاتی ناوەڕاستێك توانای ئەمریکای تێدا کەمبۆتەوە کە کاریگەری هەبێ لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکاندا"

سەرچاوە:بی بی سی



## ڕۆیاڵ لە پاشەکشەدایە

# ئاخۆ ئافرەتان لەبارترن بۆ سەرکردایەتی وڵات؟

ساڤی عەبدوڵڵا

بەپێی دوا ڕاپرسی کە لە فەرەنسا ئەنجامدراوە سیگۆلین ڕۆیاڵی پاڵێوراوی پارتی سۆسیالیست بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی وڵات لەدوا گەشتەکەی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو چینو لە چاوپێکەوتنە ڕۆژنامەوانییەکاندا بەهێز نەبووە، بۆیە ناوبانگی لە پاشەکشەی داوەو، لە بەرامبەردا بەپێێ ڕاپرسییەکە "سارکۆزی" ڕکابەری بە ڕێژەی ٥٤٪ هەڵبژاردنەکە دەباتەوە.

بەڵام ژمارەیەکی زۆری چاودێران پێیان وایە کە هێشتا زووە بڕیار لەسەر ئەوە بدرێت کە ڕۆیاڵ دەرناچێت، چونکە لەمانگی نیسان هەڵبژاردنەکە ئەنجام دەدرێتو، دەرفەتی گەڕانەوە ماوە بۆ ڕۆیاڵ.

هاوکات لەگەڵ ڕۆیاڵدا، ئەستێرەیەکی دیکەی بەناوبانگ لە ڕکابەرێتی هەڵبژاردندایە لە ئەمریکا کە ئەویش "هیلاری کیلنتۆن"ە کە بە فەرمی پاڵاوتنی خۆی ڕاگەیاندووەو کار بۆ دەرچوونی دەکاتو لەسەردانەکانیدا بۆ عێراقو ئەفغانستان، هیلاری وەکو ئافرەتێکی بەهێز دەرکەوتووەو، ڕەخنەی توندی ئاراستەی بوش کردووەو، لەولاشەوە ئەزموونی خۆی کە چەندین ساڵە لە ئەنجومەنی پیرانە، سەرباری ئەوەی کە هاوسەری بیل کیلنتۆنی سەرۆکی پێشووی ئەمریکایە کە سەرۆکایەتییەکی بەهێزی ئەو وڵاتەی کردووە، ڕەنگبێ باڵادەستی دیموکراسییەکانیش ئەگەر پاشەکشە نەکات پارچە نەبن.

بەڵام ئاخۆ ئەمریکاو گەلی ئەمریکا دەچنە ژێرباری ئەوەی کە سەرۆکێکی ئافرەتیان هەبێ کە لە ڕابردوودا نەیانبووە؟ هەرچەند بیروڕای جیا لەو بارەیەوە هەیە، بەڵام هەندێك پێیان وایە چۆن (نانسی بلوسی) وەکو ئافرەتێك گەیشتە سەرۆکایەتیکردنی ئەنجومەنێکی بەهێزی ئەمریکاو سیاسەتی نێودەوڵەتی بەڕێوە دەبات، بۆی هەیە بەو شێوەیەش زلهێزترین وڵاتی دونیا بکەوێتە ژێردەستی ئافرەتێکی وەکو "هیلاری کلینتۆن"ەوە، هەرچەندە لەوانەیە ئەمە لە ئاست ڕووخساردا گرنگ بێت، بەڵام زۆرێك لە شارەزایانی بواری سیاسەت پێیان وایە هەر ئافرەتێك بگاتە ئەو پۆستە "ئافرەتێکی پیاوانە دەبێ" لەتەك ئەوەشدا چاودێرانی بارودۆخی گەلی ئەمریکا پێیان وایە کە ئەمریکاییەکان بەم شێوەیەی ئێستایان کەمتر بەلای ئەوەدان کە دەنگ بە سەرۆکێکی ئافرەت بدەن!



لە هەردوو ئەنجومەنی پیرانو نوێنەرانی ئەمریکاش هۆکاری لەباربن بۆ هیلاری، ئەگەر دیموکراتەکان لەنێو خۆیاندا پارچە

دیارە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو بەتایبەتی لە "ئیسرائیل"دا ئافرەتێکی کارا هەیەو سەرکردایەتی دەرەکی ئەو وڵاتە دەکات "لیڤنی" کە زۆرێك لە چاودێران پێیان وایە، ئەو ڕۆڵەی کە ئەو ئافرەتە دەیگێڕێت بە ئاقاری ئەوەدایە کە ببێت بە سەرۆکی وڵات،، بەتایبەتی کە ئێستا سەرۆکی حکومەت لەبارەی شەڕی لوبنانو گەندەڵییەوە لێپێچینەوەی لەگەڵدا دەکرێو لە نێو حزبەکەشیاندا ئەو ئافرەتە دووەم کەسە لە دوای سەرۆکی حکومەتی ئێستا.

کەواتە ئاخۆ لە دوای چیللیو ئەڵمانیاو فەرەنساو ئەمریکاو ئیسرائیلیش ئافرەت دەبێ بە حاکم؟

## فەرهەنگی ڕێگا

### World Health Organization

**ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (W.H.O) یەکێکە لە ڕێکخراوە پسپۆڕەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانو لەساڵی ١٩٤٨ دامەزراوەو پەیڕەوی ناوخۆی لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسندکراوە.**

**ئەم ڕێکخراوە ساڵێ جارێك بە ئامادەبوونی نوێنەری وڵاتانی ئەندام کۆبوونەوەی گشتی خۆی دەبەستێو، دەرەنجامی وتوێژو ڕاگۆڕینەوەش پلانو بودجەی ڕێکخراوەکە دەستنیشان دەکرێت، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی (٢٤) کەس لەلایەن ئەنجومەنی گشتییەوە وەك دەستەی کارگێڕی دادەنرێن تا بڕیارەکانی ئەنجومەن جێبەجێ بکەن، بارەگای ئەم ڕێکخراوە لە شاری (ژنێڤ) دایە کە لەلایەن بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوە دەچێت.**

**ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی لە ڕووی بەهێزکردنی باری تەندروستیو داودەرمان لە سەرانسەری جیهاندا ڕیشەکێش بکرێنو، هەوڵدەدات لە ڕێگای خۆراکی نموونەییو کاروباری تەندروستی ساغڵەمی بۆ هەمووان دەستەبەر بکات.**

**ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی هەندێ گروپی جۆراوجۆر بۆ قەڵاچۆکردنو بەربەرەکانی لەگەڵ نەخۆشییەکاندا ئامادە دەکاو، بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری گشتی لە بواری ئامارو تەندروستی تاکەکانو، جۆری داوو دەرمانو هەندێ وتارو پۆستەر ئامادە دەکات بۆ سوودی گشتی بڵاویان دەکاتەوە.**

***بەسوود وەرگرتن لە فەرهەنگی ڕامیاری (نیگا) ئامادەکراوە کە لە ئامادەکردنو وەرگێڕانی (ئازاد وەڵەدبەگی)یە.**

## گەندەڵی

# ئەو دیاردەیەی عێراقی نقووم کردووە

ئا: سەلام عومەر

بەپێی ڕاپۆرتێکی نوێی ئەمریکا، ملیۆنەها دۆلار کە بۆ ئاوەدانکردنەوەی عێراق تەرخانکراوە، بەهەدەرچووەو دیار نەماوە، ئەم ڕاپۆرتە، کە دەستەیەکی تایبەتمەند لە ئەمریکییەکان بەدواداچوونیان بۆ کردووە، ئاشکرایان کرد، کە بڕیاربوو لە یانەیەکی مەشقکردنی پۆلیسە عێراقییەکان مەلەوانگەیەکی هاوچەرخی مۆدێرن دروست بکرێت، دوای پشکنینی شوێنەکەو لێکۆڵینەوە لە هۆی دروست نەکردنی، دەرکەوت پارەی دەستنیشانکراو بەهەدەر دراوەو دزراوە.

(ستیوارپ بۆین) سەرۆکی نووسینگەی تایبەت بە توێژینەوەی گشتی ئاوەدانکردنەوەی عێراق، وێنەی نەخشەیەکی سەرسوڕهێنەری لەسەر عێراق نەخشاندووە کە دەریدەخات ئاڵۆزیو گەندەڵیو دزینی داهاتێکی لە ڕادەبەدەر لە عێراقدا بەرچاو دەکەوێ، کە لە دنیای ئەمڕۆدا دەگمەنەو وێنەی نییە.

ئەم ڕاپۆرتە کە لە ٥٧٩ لاپەڕە پێکهاتووە، دەریدەخات، کە بەهۆی جەنگی ناوخۆو دەرەوەو دەستێوەردانی وڵاتو هێزە دەرەکییەکان لەناو عێراقدا، گەندەڵییەکی بەرچاو تەواوی عێراقی تەنیوەو زۆربەی هێزە سیاسییەکانی عێراقیش بەشدارن لەم گەندەڵییەو تا ئێستاش باجی گەورە لەم نێوەندەدا ئەمریکییەکان داویانە کە زیاتر لە ٣٠٠ ملیار دۆلاری لە ئاوەدانکردنەوەی عێراقدا بەهەدەر داوە، ئەوە جگە لەوەی بەشێکی زۆر لە عێراقییەکان لەم داهاتانەی دەرەوەو ناوخۆی عێراق بێبەش کراونو ئەوانیش بەشێکی گەورەی باجەکەیان داوە.

هەروەها ناوبراو لە ڕاپۆرتەکەیدا ئاشکرای کردووە، کە بەهۆی شەڕی ناوەخۆی عێراقو ئەو بارگرژییەی تەواوی باشووری ئەم وڵاتەی گرتۆتەوە، جگەلەوەی لایەنی پەیوەندیدار دەستی بە هەموو سوچێکی وڵات ناگات، چاودێرەکانیش ناتوانن وەکو پێویست ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەنو کۆمپانیا ناوخۆو دەرەکییەکان، ئەوانیش بەشێکی هەرە گەورەی گەندەڵییەکان لە ئەستۆ دەگرن، چونکە لە ڕێی دەزگا پەیوەندیدارەکانەوە توانیویانە بۆشایی نێوان چاودێرو شوێنە مەیدانییەکان بقۆزنەوەو جگە لەوەی پرۆژەکان وەك خۆی جێبەجێ ناکەن، لە ڕێگەی ڕێکەوتنی نهێنییەوە پارەی دیاریکراوی پرۆژەکان بۆ خۆیان دەبەن، بەبێ ئەوەی لێپێچینەوەی یاساییان لەگەڵدا بکرێ.

هەمان ڕاپۆرت بە نەخشەیەکی نوێی ئەمریکادا چۆتەوە دەربارەی تەرخانکردنی پارەیەکی قەبەی دیاریکراو بۆ هەڵبژاردنو دەزگا حکومییەکان تا چالاکانەتر هەست بە بەرپرسیاریەتی بکەن، کەچی لەم هەنگاوەشدا گەندەڵییەکی زۆر ئاشکرابووەو نیوەی پارەی دیاریکراو بۆ ئەم پرۆژانە بە هەدەرچوون، تەنها بەشێکی زۆر کەم نەبێت کە بە دەزگا فەرمییەکانی عێراقەوە دیارنو بەرچاون، ئەگەرنا ئەو ملیار دۆلارە زۆربەی هەرە زۆری لە نێوان جەنگو حکومەتدا بزرکراوە، ئەوە جگەلەوەی ئاستی ئابووری عێراق، بەهۆی بێ کارییەکی لە ڕادەبەدەری لاوان، لە هەڵکشانو داشکان دایەو، زۆربەی هەرە زۆری ئەم لاوە بێ کارانەش لە شەقامەکاندا پەیوەندی بەم گروپە تیرۆریستانەوە دەکەن کە بارودۆخی عێراق زیاتر دەشێوێنن، لە ڕاپۆرتەکەدا دەردەکەوێ کە ئەمریکا هیچ گرنگییەکی بە هەڵایسانی بێکاری نەداوەو ئەمەش گەورەترین زیانی بە عێراقو بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا گەیاندووە.

ڕاپۆرتەکە دەڵێ: گەندەڵی چۆتە ناوەوەی بەرپرسە عێراقییەکانو بەرپرسە ئەمریکییەکانیش لە چۆنیەتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ بەرپرسەکاندا زۆر لاوازنو نەیانتوانیوە وەکو پێویست مامەڵە لەگەڵ ئەوانەدا بکەن کە گەندەڵیان بەسەردا ئاشکرابووە، لە نموونەیەکدا ڕاپۆرتەکە دەڵێ: ٣٦ ملیۆن دۆلار تەرخانکرا بۆ کڕینی پێداویستی سەربازی وەکو چەكو شتو مەکی سەربازیو ئامێری پەیوەندی بۆ هێزە عێراقییەکان، بەڵام ئەم ٣٦ ملیۆن دۆلارە لە نێوان بەرپرسێکی عێراقیو چاودێرێکی ئەمریکی دیزە بەدەرخۆنەکراو خرایە نێو لیستی ون بوونەوە.

هەروا کۆمپانیای (دینکۆرن ئەنتەرناسیونال)ی ئەمریکی پسوولەیەکی ١٨ ملیۆن دۆلاری لێ ئاشکرابوو کە بەبێ جێو مەبەست خەرج کراوە، کەئەمەش بە ئاشکرا دەریخست کە گەندەڵی نەك هەر عێراقییەکان بەڵکو ئەمریکیو کۆمپانیایەکانیشی گرتۆتەوە، ئەو کۆمپانیایانەی ئەمریکینو لەلایەن خودی ئەمریکاوە نێردراون، کەچی جورج بوشی سەرۆکی ئەمریکا بڕیاریداوە ١,٢ ملیار دۆلاری دی بۆ ئاوەدانکردنەوەی عێراق بنێرێ، جگە لە ٢١,٥٠٠ سەرباز بۆ بەغداو پارێزگای ئەنبار، کە ئەمەش بەپێی بۆچوونی چاودێرانو لیژنە تایبەتمەندییەکان نەك چارەسەر نییە بەڵکو گەندەڵیو بەهەدەردانی سامانی عێراق زیاتر دەکاتو بارودۆخیش لەمە باشتر ناکات کە هەیە.

سەرچاوە: BBC